# کاتێکی کۆتایی دونیا نزیکدەبێتەوە؛ خەونی ئیماندار کەمجار هەیە هەڵە بێت، وخەونی ئیماندار بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێکی کۆتایی دونیا نزیکدەبێتەوە؛ خەونی ئیماندار کەمجار هەیە هەڵە بێت (ڕوو نەدات)، وخەونی ئیماندار بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئەوانەتان کە خەونەکانیان ڕاستگۆترینە (خەونەکەیان زیاتر ڕوودەدات)، ئەو کەسانەن کە ڕاستگۆترینن لە کاتی قسەکردندا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: خەون بینینی ئیماندار لە کۆتایی دونیادا لەوەیە ڕاست دەربچێت، لەوەیە هەواڵدان بێت بە شتێک کە لەڕاستیدا ڕوودەدات، بۆیە ئەم خەون بینینە وەکو وەحی پێغەمبەرایەتیە بەهۆی ڕاستی ڕوودانیەوە، (وخەون بینینی ئیماندار بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی)؛ واتا لە بەشێکە زانستەکانی پێغەمبەران لە ڕوانگەی هەواڵدان بە نەبینراوەکان -غەیبیاتەکان- وپێغەمبەرایەتی نەماوە بەڵام زانستەکەی ماوە. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ژمارەیەی باسکردووە چونکە تەمەنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک کۆچی دوایی کرد شەست وسێ ساڵ بوو وبیست وسێ ساڵی پێغەمبەر بوو؛ ولە تەمەنی چل ساڵیدا بوو بە پێغەمبەر وپێش ئەوەی ببێت بە پێغەمبەر خەونی باش ومۆزدەدەری دەبینی بۆ ماوەی شەش مانگ، هەروەکو ڕۆژی ڕووناک ئەوەی لە خەونەکەدا دەیبینی لەڕاستیدا ڕوویدەدا، وپاشان لەڕاستیدا فریشتە (جبریل)ی بینی، ڕێژەی وەحی لە ڕێگەی خەون بینینەوە شەش مانگ بوو ئەگەر زیاد بکرێت بۆ ماوەی پێغەمبەر بوونی کە بیست وسێ ساڵە؛ ئەوا ئەو شەش مانگە نیوەی یەک بەشی ئەو بیست وسێ ساڵەیە واتا بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی، وکاتێک دەفەرموێت: (ئەوانەتان کە خەونەکانیان ڕاستگۆترینە -خەونەکەیان زیاتر ڕوودەدات-، ئەو کەسانەن کە ڕاستگۆترینن لە کاتی قسەکردندا) واتا ئەگەر مرۆڤ ڕاستگۆ بێت لە قسەکانیدا ولە خودا نزیک بێت، ئەوا خەون بینینەکانی نزیکترە لەوەی زۆرجار لەڕاستیدا ڕووبدات، بۆیە لە گێڕانەوەیەکدا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (الرُّؤْيَا الحَسَنَةُ، مِنَ الرَّجُلِ الصالح) واتە: (خەون بینینی چاک -مۆزدەدەر-؛ پیاوی چاک دەیبینێت)، بەڵام کەسێک ڕاستگۆ نەبێت لە قسەکانیدا، وهەموو خراپەیەکی شاراوە وئاشکرا بکات، ئەم کەسە زۆرجار خەونەکانی بەهۆی یارییپێکردنی شەیتانەوەیە، ئیبن القیم -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (هەرکەسێک دەیەوێت خەونەکانی ڕاست بێت ئەوا با ڕاستگۆ بێت وخواردنی حەڵاڵ بێت، وفەرمانەکان بپارێزێت وخۆی لە نەهی لێکراوەکان بە دوور بگرێت -ئەنجامیان نەدات-، وبا لەسەر دەستنوێژ بخەوێت وڕوو لە قیبلە بکات لە کاتی خەوتندا، وزیکر ویادی خودا بکات هەتاوەکو دەخەوێت؛ ئەگەر وا بکات ئەوا خەونەکانی هەرگیز درۆ دەرناچێت).

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee